ڕەوا نییە بۆ هیچ مسوڵمانێک کە قسە دابڕێت لە گەڵ برای مسوڵمانی لە سەرووی سێ شەو

لە ئەبی ئەیوبی ئەنساریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ڕەوا نییە بۆ هیچ مسوڵمانێک کە قسە دابڕێت لە گەڵ برای مسوڵمانی لە سەرووی سێ شەو، کاتێک بەیەک دەگەن؛ ئەم ڕووەکات بەملاوە وئەویش ڕووەکات بەولاوە، وچاکترینیان ئەوەیانە کە دەستپێشخەری دەکات بە سەلامکردن (لە کەسی بەرامبەری)»

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوران لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە دەنگدابڕین لەگەڵ مسوڵمان بۆ زیاتر لە سێ شەو، بەشێوەیەک هەریەکەیان بەئەوی تر دەگات وسەلامی لێناکات وقسەی لەگەڵدا ناکات. وباشترینیان ئەوەیە کە هەوڵدەدات ئەم دەنگدابڕانە نەهێڵێت، ومەبەست بەدەنگدابڕان لێرەدا ؛ ئەگەر بەهۆی شتی کەسیەوە بێت، بەڵام ئەگەر دەنگدابڕان بێت لەپێناو مافی خوای گەورە -سبحانه وتعالى- وەکو دەنگدابڕان -هەجرکردنی- تاوانبار وبیدعەچی وهاوڕێ خراپەکان؛ ئەمە هیچ کاتێکی دیاریکراوی نیە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندی لەم دەنگدابڕانە، وئەگەر ئەم بەرژەوەندیە نەمێنێت ئەویش نامێنێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5365